# ئایا شەڕی سێهەمی جیهان ڕوودەدات؟




نووسینی: سولێمان ڕەحیمی

لەو بابەتەدا پۆختەیەک لە شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهان ئاماژەیان پێدەدرێ و هەوڵدەدرێ ئاورێک لە هۆکارەکانی سەرەکی درووست بوونی شەڕەکان شیکاری و لێدوانیان لەسەر بکرێ.

لە بەردەوامی هەڵسەنگاندن و شیکاریی سەرباسی بابەتەکە هەوڵدەدرێ ئەگەری ڕوودانی شەڕی سێهەمی جیهانی بخرێتە بەرباس.

لە کۆتایی بابەتەکەدا ئاکامی توێژینەوەو بۆچوونی نووسەر ئاڕاستە دەکرێ بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری بابەتەکە "ئایا شەڕی سێهەمی جیهان ڕوودەدات"

**بەشی یەکەم، ڕوودانی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی.**

لەو بەشەدا تەنانەت ئاماژە دەکرێ بە هۆکاری ڕوودانی شەرەکانی یەکەم و دووهەمی جیهان بۆ ڕوونکردنەوەو بەراوردکردنیان بە ڕووداوەو ناکۆییەکان ئێستا لە دوو ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئوروپا.

- لە شیکاریی و بەداوداچوون لەسەر هۆکاری درووست بوونی شەڕی یەکەمی جیهانی دەردەکەوێ، کە تیرۆری میراتگری تەختی پاشایەتی ئوتریش و مەجارەستان Ferdinand Archduke Franz لە ٢٨ - ٧ - ١٩١٤ بۆ ١١ - ١١ - ١٩١٨ هۆکاری بوو لە بەگڕخستنی شەڕی یەکەم جیهان.

دووای ئەو ڕووداوە شەڕ لە سیربیاوە (Serbia) دەستپێدەکات و بەخێرایی زۆربەی بەشەکانی ئوروپای دەگرێتەوەو شەری جیهانی یەکەم ررووددات.



- بەڵام هۆکاری سەرەکیی درووست بوونی شەڕی دووهەمی جیهان داسەپاندنی هێژمۆنی ئاڵمانی نازی و هێرشی هێزەکانی سەربازی هیتلیری نازی بۆ سەر وڵاتی پۆڵەند(Poland) و پێشڕەوی نازییەکان لە بەشەکانی تری ئەوروپا بوو، کە بوو

بە هۆکاری داسەپاندنی شەڕێکی سەرتاسەری جیهان.

بەڵام دوواجار ئەمریکا و هاوپێمانانی بە هێرشی چەکی ناوەکی بۆسەر دوو شاری هیرۆشیما (Hiroshima) و ناگازاکی (Nagasaki) کۆتاییان بە شەڕی دووهەمی جیهان هێنا.



**بەشی دووهەم ئەگەری درووست بوونی شەڕی سێهەمی جیهانی.**

لەو بەشەدا شیکاری و هەڵسەنگاندن دەکرێ لەسەر ڕووداوەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئوروپا لە پێوەندی ئەگەری درووستبوونی شەڕی سێهەمی جیهانی.

**بۆ ئەو مەبەستە شەڕی حەماس و حیزبوڵلا، و ئێران دەگەڵ ئیسرائیل و هەروەها تیرۆری ئیسماعیل هەنییە لە تاران شیکاریی و هەڵسەنگاندن دەکرین بە هۆکارەکانی درووست بوونی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهان.**

**پرسیارەکان دەکرێ بەوشێوەیە ئاڕاستە بکرین:**

- ئایا شەڕی ئیسرائیل و حەماس ئەگەری بەڵابوونەوەی شەڕی سەرتاسەریی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لێ پێشبینی دەکرێ، ئایا ئەو شەڕە هۆکار دەبێ لە بەرپێخستنی شەڕی سێهەمی جیهانی؟

**- ئایا تیرۆری ئیسماعیل هەنییە لە تاران بەڵگەیەک بۆ بەگڕخستنی شەڕی سێهەمی جیهانی؟**

**یەکەم**: شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان کێشەییێکی نوێ و ئەورۆیی نیە، بەڵکوو ریشەیێکی مێژووی هەیە و دوولایەن بەشێوەییێکی پەرش و بڵاو، شەڕیان لە دژیەکتر کردووەوە، و تائێستا نەبۆتە هۆکار بۆ بەرپێخستنی شەڕێکی گشتگێر و هەمەلایەنە ناوچەیی و دوواجار شەڕێکی جیهانی.

هۆکاری ئەو بۆچوونە لە کێشەی فەلستینییەکاندا شیکاری و تویژینەوە دەکرێ، جێ ئاماژەیە تائێستا بەهۆی کێشەی ناوخۆیی فەلەستینییەکان و نەبوونی پشتیوانی وڵاتانی عەرەبی پرسی دەوڵەتی فەلەستینی دەستەبەر نەکراوە.

بەڵام لە دامەزراندی ئیسرائیل بەتەواوی و بەردەوام پشتگێریی دەکرێ لە لایەن ئەمریکا و وڵاتانی غەربییەوە ڕۆژئاواوە، ئیسرائیل خاوەنی جێگەو پێگەیێکی بەهێز و لێوەشاوە و ناوازەی نێودەوڵەتی و ناوەندیی لۆبیگەریی بەتوانایە لەئاستی جیهاندا.

بارووداوخی ئێستای شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس و حیزبوڵڵا و پڕچەک کردنی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن ئەمریکا و هاوپێمانانی بۆ پاراستنی ئیسرائیل پشتڕاستکەرەوەی ئەو بوچوونەی سەرەوەیە.

ڕاست دووای شۆرشی ئیسلامی ئێران لە ساڵ ١٩٧٩ و دامەزراندنی یەکەم دەسەڵاتی شیعی لە ناوچەی هەستیاری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، یارمەتی جەمهوری ئیسلامی ئێران بۆ دامەزراندنی حیزبوڵڵا لە لوبنان، و پڕچەکردنی حەماس و دوواجار حۆسییەکان و گرووپەکانی چەکداری شیعی لە عێراق هاوسەنگی دەسەڵاتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گۆری، بەڵام بە هۆکار لە بەرپێخستنی شەڕێکی هەمەلایەنی سەرتاسەری بەراورد نەکرێ، بەڵکوو زیاتر بە هۆکاری بەرژەوەندییەکانی زلهێزان ڕەچاودەکرێ، تاکو چارەسەریی کێشەی فەلەستینییەکان.

لەلایەیێکی تر لە بەردەوامی و لێداون و شیکاریی سەرباسی بابەتەکە دەردەکەوێ، شەڕەکانی مەزهەبی بەدرێژایی مێژوو هۆکار نەبوون لە بەرپێخستنی شەڕێکی سەرتاسەریی جیهانی، بەڵکو زیاتر مەبەستیان پەرەپێدانی ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان بووە نەک دروست کردنی مەترسی لەسەر قازانج و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە زلهێزەکان و هەڵگیرسانی شەڕێکی گشتگێر و جیهانی.

**پرسی دووهەم**: تیرۆری ئیسماعیل هەنییە لەتاران و فواد شۆکر لە لوبنانە، کە بە رووداوێکی پڕ هەستیار مەزندە

دەکرێ، بەڵام بەهۆکاری بەرێخستنی شەڕێکی سەرتاسەریی ناوچەیی و یان جیهانی خەمڵاندن و بەراوردیان لەسەر ناکرێ.




هۆکارەکان بۆ ئەو شیکاری و بۆچوونە لەوەدا ڕاڤە دەکرین، کە فەلەستین و حیزبوڵلا دەزگاییێکی فەرمی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی نیین، تەنانەت ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپایی هاوپەیمانی دوو ڕێکخراوەی حەماس و حیزبوڵلا بە ناوەندییێکی تیرۆریست دەزانن تاکو پێکهاتەییێکی فەرمی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی.

تیرۆری ئیسماعیل هەنییە لەتاران لەلایەن ئیسرائیلەوە بەهۆی بەتیرۆریست زانینی لەلایەن ئەمریکا و هاوپێمانانی سرنجی نێودەوڵەتی پێنەدرا، تەنانەت ناوەندی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەڵوێستی نەبوو. تیرۆری ئیسماعیل هەنییە بە پێچەوانەی تیرۆری میراتگری تەختی پاشایەتی ئوتریش و مەجارەستان Ferdinand Archduke Franz کە هۆکار بوو لە بەگڕخستنی شەڕی یەکەمی جیهان، ڕوودانێکی نێودەوڵەتی لێ درووست نەبوو.

لە لاییێکی تر، پێشبینی ناکرێ بلاوبوونەوەی شەڕی ئیسرائیل و حەماس و حیزبوڵلا، تەنانەت ئەگەر ئێرانیش بەشداریی شەڕەکە بێ، شەڕییێکی سەرتاسەری جیهانی لێدرووست بێت.

بڵابوونەوەی شەڕ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەگەری دەستێوەردان ئێران ڕەنگە لە کورت ماوەدا کێشەی وەز و ئابووری بۆ وڵاتانی ئەرووپایی لێدرووست بن، بەڵام لەلاییێکی تر زیاتر کێشەی بەفیرۆ چوونی داهاتی فرۆشی نەوەت و شێوایی

باروودۆخی ناوخۆیی لە ئێرانی لێدەکەونەوە، بۆیە بڵابوونەوەی شەڕ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرژەوەندی ئێران نابێ، بەڵکو کێشەی جددی هەمەلایەنی بۆ ئێران لێدرووست دەبن.

پێشبینی دەکرێ لەئەگەری بەڵابوونەوەی شەڕی ناوچەیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، زلهێزی چین و رووسیا بەشداریی ڕاستەوخۆی شەڕەکە نەکەن. لەبەر ئەوەی ئەمریکا و هاوپیمانانی پێشتر رووسیان تووشی شەڕی ئوکڕاین کردووە، بەڵام چینیش باش دەزانێ کە بەشدارییکردن لە شەڕی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرژەوەندی چین نابێ بۆیە خۆی لێدەپارێزێ.

## بەشی سێهەم.

### ئایا شەڕی رووسیا و ئوکڕاین، بەرەو ئاراستەی شەڕێکی سەرتاسەری دەچێ؟




### پرسیار ئەوەیە، ئایا شەڕی ئوکڕاین و رووسیا هۆکارە دەبێ لە ئەگەری بەگڕخستنی شەڕی جیهانی سێهەم؟

لە شیکاریی لەسەر پرسی شەڕی ئوکڕاین و رووسیا و بەشداریی ناڕاستەوخۆی ناتۆ، دەبێ ئاماژە بەکرێ بە ستراتیجی ناوەندی سەربازی ئاتلانتیک کە بەندی ٥ی پرۆتۆکۆڵەکانی ناتۆ ئاماژە دراوە بە:

"

**ئەگەر لایەنێک هێرش بکاتە سەر یەکێک لە ئەندامانی ناتۆ، ئەو هێرشە بەهێرشکردن بۆ سەر سەروەری ناتۆ مەزەندە دەکرێ" .**

**یەکەم**. ئوکڕاین ئەندامی فەرمی ناتۆ نییە، و تائێستاش ناتۆ پرسی بەئەندام بوونی ئوکڕاینی لە ئەجێندای خۆدا بەفەرمی ئاماژەی پێ نەکردووە، بۆیە هێرشی رووسیا بۆ سەر ئوکڕاین بە هێرشکردن بۆ سەر ناتۆ ناخەملێنرێ، کەوابوو یارمەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا بە ئوکراین سنووردار دەمێنێتەوە بە پێدانی چەک و جەبەخانە تا بەشداریی ڕاستەوخۆی ناتۆ لەشەڕ دەگەڵ رووس.

**دووهەم**. سیاسەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ناتۆ لە بەرێخستنی شەڕی رووسیا و ئوکڕاین پێشتر لاوازکردنی هێژەمۆنی دەسەڵاتی سەربازی و تواناییەکانی ئابووری رووسیا بوون، تاکو بەئەندام کردنی ئوکڕاین و یان بەرێخستنی شەڕێکی سەرتاسەریی جیهانی، لەو بوارەدا ستراتیجی ناتۆ تا ڕادەیەک سەرکەوەتوو بوو.

بەلام پێچەوانەی ئوکڕاین، بەئەندام وەرگرتنی فینلاند و سوئید لە ناوەندی سەربازی ئاتلانتیکی ناتۆ بەبێ کێشەو شەڕ و گوێ دان بە هەڕەشەکانی رووسیا جێبەجێکرا، ئەوەش پشتڕاستەکەرەوەوی گریمانی بەرێخستنی بەئەنقەستی شەڕی ئوکڕاین و رووسیان.

جێ سرنجە لە شەڕی نێوان ئوکڕاین و رووسیا تائێستاش چین ڕاستەوخۆ پشتگری سەربازی و دانی چەک و جەبەخانەی بە رووس نەکردووە. بەڵام لە ڕەوتی شیکاری شەڕ ئوکڕاین و رووس دەردەکەوێ کە شەڕی رووسیا و ئوکڕاین لە بەرژەوەندی ئابووری چین بووە، و هەروەها پێگەی چینی لە مەیدانەکانی دیپلۆماسی بەهێزتر کردووە.

## بەشی چوارم:

## ئەنجام

بەگوێرەی شیکاریی هۆکارەکانی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی و بەراورد و هەڵسەنگاندنیان بە ڕووداوەکانی هەنووکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەی ڕۆژئاوای ئوروپا دەکرێ ئەو ئاکامە بنووسرێتەوە کە، قۆرسایی مەترسی ستراتیجی

ناوەندی سەربازی ئاتلانتیک و ترس لە لەبەین چوونی بەرژەوەندییەکانی زلهێزان لەئارادا نیین، کە شەڕێکی سەرتاسەریی جیهانی
لێ پێشبینی بەکرێ.

کێشەی فەلیستینییەکان لە ئاستی ناوچەییدا دەمێنێتەوە، تیرۆری ئیسماعیل هەنیە لە تاران بە بەراوردی تیرۆری میراتگری تەختی پاشایەتی ئوتریش و مەجارەستان Franz Ferdinand, archduke کاردانەوەی بەرێخستنی شەڕێکی سەرتاسەری هەمەلایەنی لێ پێشبنینی ناکرێ.

لە لایێکی تر هەڵوێستی وڵاتانی عەرەب و بەتایبەتی عەرەبەستانی سەعوودی و ئیمارات بەهۆی سیاسەت و ستراتیجی ناوخۆیی و بەرژەوەندییەکانی زلهێزان لەو ناوچەیە، هەروەها ترس لە قۆرسایی هێژمووونی ئێران خۆیان دەپارێزن لە بەشداریی شەڕی ناوچەیی.

بڵاببوونەوەی شەڕ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و خۆ تێکەڵ کردنی ئێران لە بەرژەوەندی ئێران نابێ، ئەوەش بەهۆی زیاتر زەق بوونەی کێشەکانی ناوخۆیی و ئابووری کۆمەڵایەتی ئێرانن.

لەلایێکی تر، رووسیا سەرقاڵی شەڕێکی درێژ خایەنە دەگەڵ ئوکراین، کۆتایی شەڕ کات دەبات، ئەوەش کێشەن بۆ رووسیا بتوانێ بەخێرایی دەسەڵاتی پێش شەڕی دەگەڵ ئوکراین دەستەبەڕ بکاتەوە.

ستراتیجی داهاتووی چین دارشتنەوەن لە سەر ئەساسی خۆپاراستن لەشەڕی ناوچەیی و جیهانی، چین پێشتر و زیاد جەختکردنەوەی لە پەرەدانی دەسەڵاتی ئابووری و بە جیهانیکردنی دەبێ.

چین بە تەمای دەستەبەرکردنی پەلەی ئابووری لە سەرەوەی ئەمریکایە، بەڵام ئەمریکا و هاوپێمانانی رۆژئاوایی هەموو بابەتە هەوڵێک دەدەن بۆ تێکەڵاوکردنی چین لە شەرێکی ناوچەیی لە تایوان.

وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە لە داهاتوودا روون دەبێتەوە، بەڵام ئایا کاربەدەستانی چین هەڵەی هاوشێوەی پوتین دەکات، و ملکەچی داسەپاندنی شەڕ دەستکردی ئەمریکا و هاوپێمانانی دەبێ لە تایوان؟

زۆر روون و ئاشکرایە ئاڵۆزیەکانی ئەم داویانەی خۆرهەڵاتی ناوڕاست نابێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی سێهەمی جیهانی، چونکە لەقازانج و بەرژەوەندی وەڵاتانی زلهێز دا نییە.

بەڵام من پێموایە ئەگەر شەڕی ئیسرائیل و حیزبوڵڵای لوبنان ڕوو بەدات، و ئێرانیش بەشداریی شەڕەکە بکات، دیسانیش لەم باوەرە دانیم شەڕی سێهەمی جیهان روویدا، بەڵکوو شەڕکە سنوردار دەبێ و لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەمێنێتەوە، بەڵام دوور نییە کێشەی وزە و گواستنەوەی نەوەت بۆ ئوروپا لە کورت ماوەدا گرفت و کێشە درووست بکات.

٨ی ئاگۆستی ٢٠٢٤ی زایینی = ١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٤ی کوردی